# مەمکوژە با کۆچ نەکەم ؟!

**ئاسۆعەبدوللەتیف**

ئەو گەنجەی ئێستاکۆچ ئەکات بە بروای من جگە لە کوشتنی دەسەڵات شتێکی دیکە ناکات، وەك ئەو گەنجەی کە خۆی ئەکوژێ و ئەچێتە ناو تاراوگەکانی مەرگەوە بەهەمان شێوە دەمێکە دەسەڵات و حیزبی کوشتووە، سەرباری رێکخراوە حکومی و ناحکومیەکان گەنجان لە بارێکی سایکۆلۆژی خراپ و گوزەرانێکی شلۆقی نەگەتیڤدان و بە کورتی نارێکخراون،بەداخەوە لەم قۆناغەدا کە دەسەڵات هیچ بیر لە گەنج ناکاتەوەورێخراوەکانیشیان فێری ئەو خەمساردیە کردووە، لێرەدا ئێمە خاوەنی رێکخراوێکین کە درێژکراوەی سیاسەت و بەرژەوەندیەکانی حیزبەو خانوویەکی گرتووە بەکرێ و ئەندام بۆ حیزب کۆئەکاتەوەو پارە لە حیزب وەرەگرێ و خاوەنی توراسێکی دواکەوتوانەیەو ناتوانێ ببێتە هەڵگری خەم و خەونەکانی گەنج، گەنج لە سەر شەقام وێرانە و دەچێتەوە ماڵ هەر وێران و ئەچێتە فەرمانگەکەی خراپتر و نازانێ ئەم هەموو توورەییە لە کوێ خاڵی بکاتەوە، دونیای کوردی وەکو پێویست لەم دۆخە بێ ئاگایەودەیەوێت شەهوەتی ئەو توورەییەش بکات بە قورگی حیکایەتەکانی شاخ و سەروەریەکانی رابردوودا، گەنجیش لەبەردەم دۆخێکی ئالەم جۆرەدا هەڵدێ لە واقع و نیشتیمان ئەکاتە قوربانی پاسپۆرتێکی عەرەبی ساختە، کێشە لەوایە گەنج کێشەی هەیە لەگەڵ ئەو دەسەڵاتەدا کە ناتوانێ دەست و پەنجە نەرم بکات لەگەڵ یادەوەریەك کە لەدەرەوەی حیزبەوە سەرچاوە بگرێ، کۆچیش بەردەوامەو کاڵبوونەوەی ئینتیماش هەروەها، تائەو نەوە پیرە بەساڵاچووەش مابێت کە کورسیەکانی دەسەڵاتیان توند گرتووە مەحاڵە ژیانی گەنج  بگۆرێت،گرنگە لەرێکخراوەکان و حکومەتدا کۆی عەقڵەکان بخەینە ژێر پرسیارەوەو رازی نەبین حکومەت ئەوەندە خەمسارد بێت و تەنها  کاری حیزبی بکاو حیزبیش ئەوەندە بەرهەمهێنەری رێکخراوەکان نەبێت کە نەیانتوانیوە لە واقعدا داهێنانێك بکەن، کە بێگومان لە ئاستی ئەم کێشانەدا ئیتر داواکاری گەنجیش بۆ ئەم رێکخراوانە ئەبێتە وەهمێکی گەورەو دەچێتەوە خزمەت بە حیزب و نەوە بەساڵاچووەکەی دەسەڵات کە ئامادە نین دەستبەرداری رابردووی خۆیان بن و پۆستەکان بەجێ بهێڵن، بۆیە گرنگە گەنج دروست بکەین بچێ بە گژ ئەو دەسەڵاتە خەوتووەدا کە خەمساردە لە کۆچی گەنجان، وەنەوەیەکی رێکخراومان هەبێت لە ناو مۆدێلی رێکخراوێکی مۆدێرنی پرسیارکەرو چاودێردا نەك کزو نەویی، کۆچی ئەمجارەی گەنج رووی دووەمی خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییەی کوردستانەو حەقە بەهەند بگیرێت و وەك چۆن دەسەڵات خۆپیشاندەرانیان بە گێرە شێوێن و خائین ئەدایە قەڵەم و لە زیندان توندیان ئەکردن هەزار بە هەزار و بریاری لە سێدارەدانی گەنجانی هەڵەبجەیان دەرئەکرد، تکایە با ئەوەندەش تەفسیری کوێرانە و نەگەتیڤ بۆ کۆچی ئەمجارە نەکەین، تکایە کوردستان بە کەڵکی ژیان نەماوەو ئێوە گەر راست ئەکەن ئێمەی گەنج مەکوژن و مەمانگرن و ئازادمان بکەن تا کۆچ نەکەین.